ئایا خوای گەورە هەندێک شتی دانەناوە کە بە هۆیانەوە خێر وچاکە بکەن: هەموو تەسبیح کردنێک (ووتنی: سبحان الله) خێر وچاکەیە، هەموو تەکبیر کردنێک (ووتنی: الله أكبر) خێر وچاکەیە

لە ئەبی زەری غیفاریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کەسانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- بە پێغەمبەریان ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، دەوڵەمەندەکان پاداشتیان بە دەستهێنا (بە هۆی خێرکردنیان)، نوێژ دەکەن وەکو چۆن ئێمە نوێژ دەکەین، وڕۆژوو دەگرن وەکو چۆن ئێمە ڕۆژوو دەگرین، وئەوان بە پارە زیادەکانیان خێر وچاکە دەکەن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا خوای گەورە هەندێک شتی دانەناوە کە بە هۆیانەوە خێر وچاکە بکەن: هەموو تەسبیح کردنێک (ووتنی: سبحان الله) خێر وچاکەیە، هەموو تەکبیر کردنێک (ووتنی: الله أكبر) خێر وچاکەیە، هەموو حەمد کردنێک (ووتنی: الحمد لله) خێر وچاکەیە، هەموو تەهلیل کردنێک (ووتنی: لا إله إلا الله) خێر وچاکەیە، وفەرمان کردن بە چاکە خێر وچاکەیە، ونەهی کردن لە خراپە خێر وچاکەیە، وبەکێک لە ئێوە بچێتە لای خێزانەکەی (جیماع بکات) خێر وچاکەیە»، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئایا یەکێک لە ئێمە شەهوەت وئارەزووەکەی دامرکێنێتەوە (بە چوونە لای خێزانی) خێر وپاداشتی دەستدەکەوێت؟ فەرمووی: «ئەگەر لە حەرامدا شەهوەت وئارەزووەکەی دامرکێنێتەوە؛ ئایا تاوان وخراپەی لەسەر نییە؟ بە هەمان شێوە ئەگەر لە حەڵاڵدا دایمرکێنێتەوە ئەوا پاداشتی بۆ هەیە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

هەندێك لە هاوەڵە هەژارەکان سکاڵای حاڵ وهەژاری خۆیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؛ بەوەی کە ناتوانن خێر بکەن بە پارە وسامان بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی زۆر هەروەکو چۆن براکانیان لە خاوەن پارە وسامانی زۆر دەیکەن، هەروەها بۆئەوەی وەکو ئەوان خێر ئەنجام بدەن، لەهەمان کاتدا نوێژ دەکەن وەکو ئێمە، وڕۆژوو دەگرن وەکو ئێمە، بەڵام ئەو پارە وسامانەی زیادە لە پێویستیان؛ دەیکەن بە خێر و ئێمە ناتوانین خێر بکەین! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنیشاندەریان بوو بۆ چەند کردەوەیەك کە دەتوانن لە ڕێگایانەوە خێر بەدەست بهێنن، فەرمووی: ئایا خوای گەورە هەندێك شتی دانەناوە کە بتوانن لە ڕێگایانەوە خێر بەدەست بهێنن بۆ خۆتان؟! کاتێك دەڵێن: (سبحان الله)؛ پاداشتی خێرکردنێکتان دەستدەکەوێت، هەروەها کاتێك دەڵێن: (الحمد لله)؛ ئەمە خێرە، وکاتێك دەڵێن: (لا إله إلا الله)؛ ئەمیش خێرە، و(فەرمان بە چاکە) خێرە، و(نەهی لە خراپە) خێرە، تەنانەت کاتێك یەکێکتان جووت دەبێت لەگەڵ خێزانەکەی؛ ئەمیش خێرە. پێیان سەیر بوو، ووتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، ئەگەر یەکێك لە ئێمە ئارەزووەکەی دابمرکێنێتەوە خێری دەستدەکەوێت؟! فەرمووی: ئەگەر لە حەرامدا وەکو لە زینا وشتی تر؛ ئازەووەکەی دابمرکێنێتەوە، ئایا تاوانی لەسەر نانووسرێت؟ بەهەمان شێوە ئەگەر لە حەڵاڵدا دایبمرکێنێتەوە؛ ئەوا پاداشتی بۆ دەنووسرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4558